**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**فەرمانی هەرێمی**
**ژمارە (١٠٩) ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەمووارکراو، بڕیارمان دا بەپەسەندکردنی دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم**: دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێم بەپێی ئەم فەرمانە نوێ دەکرێتەوە.

**دووەم**: دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نیشانە و هێمای فەرمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانە.

**سێیەم**: دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بریتییە لە هەڵۆیەکی باڵبڵاوی زێڕین لە ناو بازنەیەک رووەکەی ئاڵای کوردستانە، و نووسینی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بەم شێوەیە (سەرۆکایەتیی هەرێم کوردستان، رئاسة إقليم كوردستان، Kurdistan Region Presidency).

**چوارەم**: گرافیک و نەخش و رەنگەکانی دروشمەکە وەک لە وێنەی هاوپێچدا هاتوون بەشێکی جیانەکراوەی ئەم فەرمانەن.

**پێنجەم**:

١- دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان تەنها لەسەر بڕیار و فەرمان و رێنمایی و هەر نووسراو و بڵاوکراوە و تۆمارێکی فەرمی تری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێندرێت.

٢- دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەشێوەی تابلۆ لە کاتی ئەو بۆنە و کۆبوونەوە و کۆنفرانسە فەرمییانە هەڵدەواسرێ کە لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە بەڕێوەدەچن و سەرۆکی هەرێم تیایاندا ئامادە دەبێت.

٣- دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بەبێ پێشینەی رەزامەندی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، نابێت لەلایەن هیچ کەس و لایەن و کۆمپانیایەکەوە دروست بکرێت یان هەڵواسرێت یان بۆ مەبەستی بازرگانی چاپ و بڵاوبکرێتەوە یان بەکاربهێندرێت بۆ هەر مەبەستێکی تر.

**شەشەم**: فەرمانی دروشمی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەڵدەوەشێتەوە.

**حەوتەم**: ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر: ٢/ ٥/ ٢٠٢١**

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

Kurdistan Region Presidency

رئاسة إقليم كوردستان

2005